# حوکمی کڕین و فرۆشتنی ئاڵتۆن و زیوبەقەرز

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه اجمعين .

بە یارمەتی خوای گەورەو میهرەبان بەکورتی حوکمی کڕینو فرۆشتنی ئاڵتونو زیو بە قەرز ڕوون ئەکەمەوە چونکە ئەبینین زۆرێك لە موسڵمانان دووچاری ئەم جۆرە بەیعە بوونە، بەراستی یەکێك لەو شتانەی کە دەکەوێتە ژێر حوکمی ریباوە کڕینو فرۆشتنی ئاڵتونو زیوە بە قەرز، وەخوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِي يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡبَيۡعُ مِثۡلُ ٱلرِّبَوٰاْۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلۡبَيۡعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْۚ فَمَن جَآءَهُۥ مَوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمۡرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۖ وَمَنۡ عَادَ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴾ (البقرة: ٢٧٥) .واتە: ئەو کەسانەی کە ریبا دەخۆن کاتیك زیندو دەبنەوە لە رۆژی دواییدا هەر ئەڵێی شەیاتێنی دەستی لێ وەشاندون، چونکە ئەوان ئەیان ووت کڕینو فرۆشتنیش هەروەکو ریبا وایە (هەردووکیان بە لای کافرەکانەوە یەکسانن)، بەڵام خوای گەورە کڕینو فرۆشتنی حەڵاڵ کردووەو ریبای حەرام کردووە، پاشان هەر کەسێك ئامۆژگاری پەروەردگاری پێ گەیشتو وازی لە سو خواردن هینا ئەوا چاوپۆشی لێ دەکرێت لەو سوەی کە لە پێشدا خواردویەتی واتە: بەر لە دابەزینی حوکمی حەرام بوونی سو، بەڵام هەر کەسێك لە دوای دابەزینی ئەم حوکمە گەڕایەوە بۆ سو خواردن ئا ئەوانە دەبنە هاوڕێی ئاگرو بە هەمیشەی تیایدا دەمێننەوە .

هەر بۆیە مامەڵە کردن بە ریبا بەهەر شێوەیەك بێت حەرامەو یەکێکە لە گوناهە گەورەکان، چونکە ئیعلان کردنی جەنگە لەگەڵ خواو پێغەمبەردا ﷺ وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ فَإِن لَّمۡ تَفۡعَلُواْ فَأۡذَنُواْ بِحَرۡبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَإِن تُبۡتُمۡ فَلَكُمۡ رُءُوسُ أَمۡوَٰلِكُمۡ لَا تَظۡلِمُونَ وَلَا تُظۡلَمُونَ ﴾(البقرة: ٢٧٨ – ٢٧٩).واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ملکەچی فەرمانەکانی خوای گەورە بنو سنور شکێنی مەکەنو واز بێنن لە پاشماوەی ئەو سوەی کە بەلای خەڵکەوەیە هێشتا ئەگەر ئێوە باوەڕداری تەواون، خۆ ئەگەر دەستان لە سو خۆری هەڵنەگرت ئەوا ئیعلانی جەنگیکی گەورە بکەن لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەیدا ﷺ خۆ ئەگەر دەست لە سو خۆری هەڵگرنو پەشیمان ببنەوە ئەوا

سەرمایەكانی خۆتان بەتەنهاو بێ سو لە قەرزارەكان بسەننەوە، ئیتر نە ئێوە لە قەرزارەكان ستەم بكەن نە ئەوانیش ستەمتان لێ بكەن).

## پێناسەی ڕیبا

(ریبا) یان( سو) بریتییە: لە وەرگرتنی هەر زیادەیەك لە بەرامبەر كێشی مادەیەكی ڕیبەوی تر كە هاوجنسی خۆی بێت، وەك گەنم بە گەنم یان ئاڵتون بە ئاڵتون، بەڵام هەركاتێك هاوجنسی خۆی نەبوو وەك گەنم بە جۆ یان بە خورما، یان ئاڵتون بە زیو ئەوا دروستە بە زیادو كەم بفروشرێت بەڵام نابێت قەرزی تێدا بێت. یان بریتیە لە وەرنەگرتنی مادە ڕیبەوییەكان دەست بە دەست لەكاتی كڕینو فرۆشتنداو دواخستنی بۆ كاتێكی تر.

## جۆرەكانی ڕیبا

ریبا بە شێوەیەكی گشتی دەكرێت بەدو بەشەوە:

١- **ربا الفضل:** واتە زیاد كردن.

بریتییە لە فرۆشتنی شتێك بە زیاتر لە كێشی خۆی، یان پارەیەك بە زیاتر لە ئەندازەی خۆی بە حازر.

وەك فرۆشتنی یەك كیلۆ گەنم یان جۆ یان خورمای چاك بە زیاتر لە كیلۆیەك لە جنسەكەی خۆی، وە هەروەها وەك فرۆشتنی سەد دینار بە سەدو دە دینار، یان دولارێك بە دوو دولار..... بە حازر.

كەواتە بۆ چارەسەر كردنی ئەم كێشەیە پێویستە گەنمە خراپەكە بفرۆشێتو پاشان بە پارەكەی گەنمی چاك بكڕێت، یان ئاڵتونە بەكارهێنراوەكە بفرۆشێتو پاشان ئاڵتونی تازەی پێ بكڕێت، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرمانی كرد بە بیلال رضي الله عنه كە خورما خراپەكەی خۆی بفرۆشێتو بە پارەكەی خورمای چاك بكڕێت.

٢- ربا النسیئة: واتە ریبای دواخستن.

وە ریبای نەسیئەش دەكرێت بەدوو بەشەوە:

یەكەم/ بریتییە لە زیاد كردنی ئەو پارەیەی كە دەدرێت بە قەرز پێدراو بەرامبەر درێژ كردنەوە مودەی قەرزەكە، ئەم جۆرەیان كوتومت ریبای سەردەمی نەفامی بووە پێش ئسلام.

دووەم/ بریتییە لە دواخستنی یەكێك لەو دوو جنسەی كە كڕینو فرۆشتنەكەی پێدەكرێت لە كاتی مامەڵەكەدا، وەك كڕینو فرۆشتنی ئاڵتونو زیو بە قەرز، یان كڕینو فرۆشتنی پارە بە قەرز وەك دۆلار، دینار، تمەن، یۆرو....

عوبادەی كوری صامتؓ لـە پێغەمبـەرەوە ﷺ فەرموودەیـەك دەگێڕێتـەوە كـە فەرموویـەتی: (الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ، وَالْفِضَّةُ بِالْفِضَّةِ، وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ، وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ، وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ، وَالْمِلْحُ بِالْمِلْحِ، مِثْلًا بِمِثْلٍ، سَوَاءً بِسَوَاءٍ، يَدًا بِيَدٍ، فَإِذَا اخْتَلَفَتْ هَذِهِ الْأَصْنَافُ فَبِيعُوا كَيْفَ شِئْتُمْ إِذَا كَانَ يَدًا بِيَدٍ )[1]. واتـە: پێویستە لـە كاتی كڕینو فرۆشتندا ئاڵتون بە ئاڵتون، زیو بە زیو، گەنم بە گەنم، جۆ بە جۆ، خورما بە خورما، خـوێ بـە خوێ، وەك یەك بن لە كێشداو بێ زیادو كەم، وە دەست بە دەستیش بێت واتە قەرزی تیادا نـەبێت، بـەڵام هەر كاتێك ئەم شتانە لەگەڵ هاو جنسی خۆی كڕینو فرۆشتنی پـێ نـەكرا ئـەوا دروستە كـرینو فرۆشـتنی پێ بكەن بەڵام بەو مەرجەی دەست بە دەست بێتو قەرزی تیادا نەبێت٠

لـە ئـەنجامی وورد بوونـەوە لـەم فەرموودەیـەی سـەرەوە بۆمـان دەردەكـەوێت كـە ئـەو شـتانەی كـڕینو فرۆشتنی پێ دەكرێت ئەگەر هاوجنسی یەكتر بوون وەك ئاڵتون بە ئاڵتون گەنم بە گـەنم٠٠٠٠ پێویـستە دوو مەرجی تیادا بێتەدی

یەكەم: پێویستە لە كێشدا وەك یەك بێت، واتە زیادو كەمی نەبێت٠

دووەم: وە پێویستە دەست بەدەست بێت، واتە: قەرزی تیادا نەبێت٠

بەڵام ئەگەر لەگەڵ هاو جنسی خۆی كڕینو فرۆشـتنی پـێ نـەكرا ئـەوا تـەنها یـەك مـەرجی تێدا پێویـستە ئەویش ئەوەیە دەست بە دەست بێتو قەرزی تێدا نەبێت، وەك كڕینی ئاڵتونو زیو بە پارەی حازر ٠٠٠ كەواتە كڕینو فرۆشتنی ئاڵتونو زیو بە قەرز یان هەندێكی بە قەرزو هەندێكی بە حازر دەكەوێتە ژێر ئـەم بابەتەوەو ریبایە، ئیتر جیاوازی نییە لە نێوان ئەو كەسانەی كە تـەنها بەشـی پێداویـستی خۆیـان دەكـڕن یان ئەو زەرەنگەرانەی كە بە جوملە دەیكڕن بۆ بازرگانی پێكردنی٠

وە ئەمەی كە ووتمان لە پێشەوە كۆدەنگی زانایانی لەسەرە وەك ئیمامی نـەوەوی و وەزیـر ابـن هوبـەیرەو ئیبن حەجەر (رەحمەتی خوایان لەسـەر بێـت) دەفـەرموون: هـەموو زانایـان كـۆدەنگن لەسـەر ئـەوەی كـە دروست نییە ئاڵتون بە ئاڵتون، زیو بە زیو كڕین وفرۆشتنی پێوە بكرێت ئیلا پێویستە وەزن بە وەزن بێـت

---

(١) (رَوَاهُ مُسْلِمٌ).

وە دەست بە دەست بێت واتە: قەرزی تیادا نەبێت، بەڵام ئەگەر ئاڵتون بە زیو بوو ئەوا دروستە لە کێشدا جیاوازبن بەڵام هەر پێویستە دەست بە دەست بێتو قەرزی تێدا نەبێت)[٢].

بۆ زیاتر بەرچاو روونی موسڵمانان چەند فەتوایەکی دەستەی گەورە زانایانی هاوچەرخ لەم بارەیەوە دەخەینە روو:

١- پرسیار لە شێخ بن باز کرا (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی حوکمی گۆڕینەوەی ئاڵتونی کۆن بە تازە؟

لە وەڵامدا فەرمووی: (پێویستە لە پێشدا ئاڵتونەکەی خۆی پێ بفرۆشێتو پارەکەی لێ وەربگرێت پاشان ئەگەر ویستی بە نرخی رۆژ ئاڵتونی تازەی لێ بکڕێت، بەڵام دروستە ئاڵتون بفرۆشیت بە غەیری مەوادی ریبەوی وەك سەیارە، قوماش، گەنم، جۆ بە قەرز....)[٣].

٢- پرسیار لە شێخ ئیبن عوسەیمین کرا (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی حوکمی کڕین وفرۆشتنی ئاڵتون بە قەرز.

لە وەڵامدا فەرمووی: (کڕین وفرۆشتنی ئاڵتون بە قەرز حەرامە بە کۆ دەنگی هەموو زانایان چونکە ریبای نەسیئەیە وەك لە فەرموودەکەی عوبادەی کوڕی سامت دا هاتوە ﵁)[٤].

وە هەروەها موفتی پێشوی سعودیە شێخ محمد بن ابراهیم (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە وەڵامی پرسیارێکدا لەسەر کڕینو فرۆشتنی ئاڵتون بە قەرز فەرموویەتی: (کڕینو فروشتنی ئاڵتون بە پارەی سەردەم پێویستە دەست بە دەست وحازر بێ خۆ ئەگەر وانەبێت ریبایە)[٥].

٤- پرسیار لە شێخ ئیبن عوسەیمین کرا (رەحمەتی خوای لێ بێت) لەسەر ئەوەی کە هەندێك لە زەڕەنگەرەکان بەمەرجیان داناوە بو کڕینی ئاڵتونی کۆن لە فرۆشیار پێویستە ئاڵتونی تازەی لێ بکڕیت؟

لەوەڵامدا فەرمووی: (ئەمەش بەهەمان شێوە دروست نییە چونکە ئەمە فێڵێکی ترە بۆ کڕینو فرۆشتنی ئاڵتون بە ئاڵتون بە کێشی زیاتر، وە فێڵ کردن لە شەرع دا حەرامە، چونکە یاری کردنە بە حوکمەکانی

---

(٢) (المجموع: ٩/ ٣٩٢، واختلاف الأئمة العلماء: ٣٥٨/١، وفتح الباري: ٣٨٠/٤، والمغني: ١٢/٤، والفقه على مذاهب الاربعة: ١٧٤/٢)٠

(٣) (فتاوى إسلامية: ٧٧٠/٢)٠

(٤) (فتاوى اسلامية: ٧٧٥/٢)٠

(٥) (فتاوى الشيخ محمد بن إبراهيم: ١٠٧/٧)٠

شەرع، بەڵام ئەگەر هیچ ڕێکەوتنێك لە نێوانیاندا ڕوونەدات ئاڵتونی خۆی پێ بفرۆشێت و پارەکەی لێ وەربگرێت پاشان ئەگەر ویستی ئاڵتونی تازەی لە لا بکڕێت، یان لە زەڕەنگەرێکی تری بکڕێت، وە ئەمەیان باشترە)[٦].

٥- وەهەروەها پرسیاری لێ کرا دەربارەی گۆڕینەوەی ئاڵتونی کۆن بە تازە لەگەڵ پێدانی کرێی دروست کردن؟

لەوەڵامدا فەرمووی: (دیسان ئەمەش حەرامەو ئەچێتە ژێر حوکمی ڕیباوە، هەروەك وتمان با ئەوەی خۆی بفرۆشێتو پارەکەی وەربگرێت پاشان ئاڵتونی تازە بکڕێت، بەڵام ئەگەر کەسێك پارچەیەك ئاڵتون ببات بۆ لای زەڕەنگەرێك بۆی دروست بکات وە دواتر کرێی دروست کردنەکەی بداتی ئەوا لەم حاڵەتدا دروستەو ناچێتە ژێر حوکمی ڕیباوە)[٧].

٦- پرسیار کرا لە لیژنەی دائیمەی فەتوا دەربارەی حوکمی پارە گۆڕینەوە بە قەرز؟

لەوەڵامدا فەرموویان: (گۆڕینەوەی دینار بە ریاڵ یان بە دۆلار دروستە بەو مەرجەی قەرزی تیادا نەبێت بە هیچ شێوەیەك، خۆ ئەگەر قەرزی تێ کەوت ئەوا دەبێتە ڕیبا)[٨].

## لە کۆتاییدا:

١- داواکارم لە موسڵمانان کە ئیتر واز لەم جۆرە کڕینو فرۆشتنە بهێنن چونکە بەدڵنیاییەوە ڕیبایە.

٢- پێویستە هەر کەسێك بە ئەندازەی ئەو پارەیەی کە پێیەتی ئاڵتون بکڕێت بە حازر، یان لای کەسێك پارە بە قەرز بێنێتو ئاڵتونەکە بە حازر بکڕێت.

٣/ ئاڵتونو زیو و پارە بە هیچ شێوەیەك دروست نییە کڕینو فرۆشتنیان پێوە بکرێت لەگەڵ یەکدا بە قەرز، واتە پێویستە دەست بە دەست بێت بە حازر وەك کڕینی پارە بە پارە، یان ئاڵتون بە ئاڵتون، یان ئاڵتون بە پارە، یان زیو بە پارە.

٤- وە هەروەها پێویستە لەسەر زەڕەنگەرەکانیش کە خۆیان ئاڵتون بە قەرز نەهێنن وە بە قەرزیش نەیفرۆشن، چونکە جیاوازی لە نێوان کڕیارو فرۆشیاردا نییە وە بۆ هەردووکیان ڕیبایە.

---

(٦) (فتاوى اسلامية: ٢/٧٧٣).

(٧) (فتاوى اسلامية: ٢/٧٧٣).

(٨) (فتاوى اللجنة الدائمة: ١٣/٤٥٣).

٥- وه پارەی ئەمڕۆ بە هەموو جۆرەکانیەوە حوکمی ئاڵتونو زیوی هەیە، چونکە هەردووکیان هاوبەشن لە عیلەتی (ریبا )کە بریتییە لە (الثمنية) واتە: ئاڵتونو زیو وەك پارە حیسابیان بۆ دەکرێت کە بۆ کڕینو فرۆشتن بە کار دەهێنرێن هەروەك زانایانو پسپۆڕانی بواری شەریعەتو ئابوری ئیسلامی بە ڕوونی ئەمەیان ڕۆشن کردۆتەوە، بۆ زیاتر ئاشنا بوونت ئەتوانیت سەیری ئەم سەرچاوانەی لای خوارەوە بکەیت:

١- أبحاث هيئة كبار العلماء(١/٨٨_٩٣).

٢- فتاوى اللجنة الدائمة (١٣/٣٩٨).

٣- مجموع الفتاوى لشيخ الإسلام ابن تيمية (١٩/٥٥١).

٤- إعلام الموقعين لابن القيم (١/١٣٦).

٥- الموسوعة الكويتية (٣٦/٣٢١).

٦- الفقه الاسلامي وأدلته (٥/٤٠٩).

٧- الفتاوى الإقتصادية (١/٦٠).

خوازیارم لە خوای پەروەردگار لە گوناهی هەمو لایەکمان ببورێتو یارمەتیمان بدات بۆ هەمو کارێکی چاك.

ئامادەکردنی مامۆستا محسین محمود سلیمان

وصلى الله وسلم على سيدنا ونبينا محمد وعلى آله وصحبه اجمعين.

(مافی گشت موسڵمانێکە بۆسود وەرگرتن و بڵاو کردنەوەی گشت بابەتە کانی ماڵپەڕی فەرموودە)

www.fermude.com